السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# سوند ب ئو نفس من بدست، نزيك دابزن و مرم ل نوانتان فرمانوا دادرور، خا دشنت

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، نزیکە دابەزینی کوڕی مەریەم لە نێوانتان فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر، خاچ دەشکێنێت، وبەراز دەکوژێت، وسەرانە -جزیە- هەڵدەگرێت -نامێنێت-، وپارە وسامان زۆر دەبێت هەتاوەکو کەس پێویستی پێی نابێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سوێند دەخوات لەسەر ئەوەی دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم -علیهما السلام- نزیکە، و بەدادپەروەری حوکم دەکات لەنێو خەڵکی بە شەریعەتی موحەممەدی، ئەو خاچە دەشکێنێت کە گاوڕەکان بەمەزنی دادەنێن، وعیسا -علیه السلام- بەراز دەکوژێت، وسەرانە -جزیە- هەڵدەگرێت -نامێنێت-، وهانی خەڵکی دەدات بۆ مسوڵمان بوون وهاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە. وپارە وسامان زۆر دەبێت هەتاوەکو کەس وەری ناگرێت ؛ چونکە هێندە زۆرە خەڵك پێویستی پێی نیە وبەشی خۆیان هەیە، وبەرەکەت وخێری زۆر دادەبەزێتە نێو هەموو سامانەکان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65025

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee